# ماو تسی، خوای درۆیین

سین مینگ شاو    لە فارسییەوە: دیاکۆ مروەتی



ئایا هەنووکە پێویست دەکات وێنەیەکی زۆر گەوەر لە کەسایەتی ماو لە سەروی دەرگای سەرەکی مەیدانی "تیان ئان مێن" هەڵبواسرێت؟ ئایا ئێستاش دەبێ حزبی دەسەڵاتداری چین خۆی وەک حاکم و تاکە دەسەڵاتداری چین پێناسە بکات؟

ئەم پرسیارانە پرسیارگەلێکی زۆر گرنگە و بە هیچ شێوەیەک نابێ چاو پۆشی لێبکرێت. تا ئەو کاتەی رێبەرانی چین بەم پرسیارە راشکاوانەی بە "نا" وەلام نەدەنەوە، لەناوبردنی خەڵکی بێ تاوان بەردوام درێژەی هەموو بەجۆریک کە تاکو ئێستاش رەوایەت و مەشروعیەتی حکومەتی چین خەوشدارو تاوانبار دەمایەوە.

زۆربەی خەڵک حکومەت و دەسەڵاتی کۆمۆنیستی پەسند ناکەن، چونکە حزبی کۆمۆنیست، کردەوەکانی خۆی لە رابردودا لە بیربردوەتەوە و حاشای لێ دەکات و هەنوکەش لەم کردوە نامرۆڤانە، پەشیمان نییە.

ئەمە یەکێک لەو هۆکارانەیە کە تاکو ئێستاش چین کۆسپێکی گەورەی بە ناو تایوانی لە سەر رێگا ماوەتەوە. کۆمۆنیستە چینیەکان لەسەر ئەم خاڵە سورن کاتێک کەسێک دەڵی من چینیم دەبێ سیاسەتی راستەقینەی تاکە دەسەڵاتی چین قبوڵ بکات. لە راستیدا زۆربەی شارۆمەندانی تایوانی لەسەر ئەو باوەرەن ئەگەر بریار وابێت هەر تاکێک بیەوێت خۆی وەک چینی پێناسە بکات، دەبێ تەواوی مەرج وخاڵەکانی لەژێر ناو و ئۆتۆریتەی ماو تسی دۆنگ واتە تاکە حزبی کۆمۆنیست

بگونجێنێت.

له حاڵێکدا لێکۆڵینەوەکان نیشانیداوەکە نزیک بە (70) لە سەدی خەڵکی هۆنگ کۆنگ شانازی بەوەدەکەن، کە هاووڵاتی چینین، لە هەمان حاڵیشدا ڕێژەیەکی زۆریش لە خەڵکی چین شەرم دەکەن لە سیاسەتە هەڵەکانی چین و داواکاریشیان بۆ دەوڵەتی پەکین ئەمەیە: ئێوە ناتوانن مافی ڕەگەزو نەتەوە لە ئێمە بسێننەوە، بەڵام ئێوە بە کردەوە نامرۆڤانەکانتان شەرافەتی ئێمەتان لەکەدار کردووە.

کوشتاری خوێندکارانی هۆنگ کۆنگ لە (4 حوزەیران 1989) ، نمونەیەکی بەرچاوە لەو تاوانکاری و جینایەتانەی حکومەتی چینە لە کاتی خۆیدا کە دەکرێت ئاماژەی پێ بکرێت.

لە پەیڕەوی ناوخوی حزبی کۆمۆنیستی چیندا هەندێک قسەو باسی نهێنیێ ماوتەوە، ماو تیسی دۆنگ ئەندێشەی ماوی خولقاند و هێنایە کایەوە، واتە هەر شتێک لە کردەوە سەلمابێت ڕاستە، بەپێی ئەم ڕاستیە، حزبی کۆمۆنیستی چین دوای دامەزراندنی کـۆمـاری خەلقی چـیـن، نیزامێکی سۆسیالیستی لە ڕوانگەی ئابوری، سیاسی و هونەرەیدا پێکهێنابوو، بەڵام لە ڕاستیدا ماو تسی تا چ ئاستێک لە جێ بەجێکردنی مافی هەرتاکێک هەڵەی کردووەو جێگای لێکۆڵینەوەیە.

خاتو جۆنگ چانگ نوسەری کتێبی پرفرۆشی" قویەکی وەحشی" لە کۆتایی کتێبەکەیدا بە نـاوی مـاو ، چیرۆکی نەناسراو، بە توندی هەموو ئەو جینایەت و کـردوە نامرۆڤانانەی کە لە لایەنی ماوەوە ئەنجامدراوە، ڕووندەکاتەوە. لەم ڕوونکردنەوەدا ئەوە خراوەتەروو ماو مرۆڤێکی بێبەزەیی و دوروە کە بەبێ لە بەرچاوگرتنی ژیانی خەلکی ئاساییو، ئەشکەنجەو ئازاری ئەم خەڵکانە سەلماندویەتی کە لە تاوانبارانێکی وەک هیتلەر و ستالین بێبەزەییتر و تاوانبارترە.

ئەو تاوان و بێ ئەخلاقیانەی کە لەلایەنی ماوەوە ئەنجامدراوە، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرو ڕاستە.

ماو لە سەردەمی دەیەی (1930)بۆ داپێنکردنی کەلوپەلی مادی بۆ بزوتنەوە کۆمۆنیستیەکەی، بنەماڵەگەلێکی فەقیری بەزۆری هێز لەشوێنیکی بەرتەسک و باریک کە ناسراوبوو بە "سور" و لەژێر دەسەڵاتی ئەوبوو ڕادەگرت. زۆرێک لەو بنەماڵانە کە نەیارو دژی ڕاپەڕین ناسراوبوون، لە نێوان ئەوانە ناچار بوون کە خانوەکانی خۆیان بە جێبهێڵن و شوێنی نیشتەجێیان بگۆڕن بە گەوەری مانگا و ناچاربوون، کەلەوی درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن، لە هەمانکاتیشدا پارەیەکی زۆر کەمیان پێدەدرا. ماو لە حاڵێکدا لە ئەشکەوتی "ینان" خۆی حەشار ئەدا، سەرقاڵی مامەڵەکردن بوو بە مادەسرکەرەکان واتە "تلیاک". بە پێچەوانەی زۆربـە ئەفسانەکان کە بڵاوبووەتەوەکە ماو و شۆڕشگێرانی دەوروبەری لە ماوەیەکدا، کە لە ئەشکەوتی ینان بە شیوەیەکی زۆر سادە ژیانیان بە سەر دەبرد، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان بە کەڵک وەرگرتن لە دەسکەوتێک، کە لە بازرگانی مادەسرکەرەکان بۆخویان دابیندەکرد، ژیانێکی بێ کێشەیان بوخۆیان مسۆگەر کردبوو.

پاش ئەوەی کە دەوڵەتی نەتەوەخوازی چین لە ساڵی (1949) ڕووخا، "حکومەتی چینی نوێ" لە ژێر دەسەڵاتی ماو سەرێهەڵدا. پاش سەرهەڵدانی ماو تسی، کار و ڕەوتێکی دیکە بۆ سەرکوتی "نەیارانی ڕاپەڕین" هاتە گـۆڕێ، و لە یەکێک لە هەرێمەکانیش بەرپرسەکانی دایە بەر ڕخنە کە بۆچی " سیاستەتی سەرکوتی نەیارانی شۆڕش بە باشی بەرێوە نەچووەو ئەم نەیارانە بۆ لە سێدارە نەدراوان، و لە مەر دژایەتیکردنی ئەم نەیارانە بە نەرمی ڕەفتاریان کردووە.

> لە پەیڕەوی ناوخوی حزبی کۆمۆنیستی چیندا هەندێک قسەو باسی نهێنیێ ماوتەوە، ماو تیسی دۆنگ ئەندێشەی ماوی خولقاند و هێنایە کایەوە

بـەڵام کوشتاری دوژمـنـان و لە ناوبردنی هەموو نەیاران مەبەستی ماو بوو بۆ سەرکوتکردنیان. ماو خوازیاری ئەوەبو کە خەڵک بە بینینی ڕاستەوخۆی کردەوە نامرۆڤانە چاوترسێن بکات، تاکو بتوانێت بە ئاسانی دەسەڵاتی خۆی بە سەر خەڵکدا داسەپێنێت. هەر ئەو جۆرە کە خۆشی لە ساڵی (1951) وتبوی: لە زۆربەی شوێنەکانی بەرپرسان زاتی ئەوەیان نییە، کە نەیارانی ڕاپەڕین لەسێدارە بە دەن.

دەیان ملیۆن نیشتەجێی "پەکین" لە ساڵانی دەیەی (1950) ناچار بوون، کە بە پێی دەستور وبڕیاری ماو لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا ئامادە بن، کە لەم کۆبوونەواندا (30) هەزار کەس ئیعدام کران و سزار دران.

لە ڕاستیدا لە ساڵەکانی (1950 و 1951) نزیک (30) هەزار کەس بە هۆی ئیعدام و ئەشکەنجە و خۆکوژی گیانیان لە دەستداوە و لەناوچوون. خەڵکی چین بە کۆمەل و لە گروپە گەورە نێردراون بۆ ئۆردوگاکانی کار، کەسانێک کە لەوێ بەدیلگیراون لە ژێر دژوارترین گۆشاری کاری جەستەییدا دەژیان، و هۆکاری ئەم کردەوە، گۆڕینی بیروڕای بورژوازی ئەم کەسانە بۆ کۆمۆنیستی بوو کە دەبۆ بە کردەوە

چاکسازیان لە خۆیاندا کردبا. بە پێی لێکۆڵینەوە لە ساڵەدا (10) ملیۆن کەس نێردراون بۆ ئەو شوێنانە.

لە ماوەی دەسەڵاتداری حکومەتی ماو (27) ملیۆن کەس گیانی خۆیان لەم ئۆردوگایانە لە ژێر گۆشاری کاری سەخت و تاقەت پروکێن لە دەستداوە.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە نزیک (38) ملیۆن کەسیتر بە هۆی برسیەتی و کاری تاقەت پروکێنەوە لە ماوەیەک کە ناسراوە بە " هەنگاویک بەرەو پێش" (1958)(51) گیانی خۆیان لە دەستداوە، تا کو حکومەتی" ینان" بتوانێ لە وڵاتانی رۆژئاوا پێش بکەوێت، بەڵام کاردانەوەی ماو بۆ ئەم هەموو گرفت و کێشەیە چی بوو؟ ماو دەڵێ: بەلەبەر چاوگرتنی ئەم هەموو پلان و بەرنامانە کە بۆ چین دابین کراوە، رەگە نەکرێت تەنانەت نیوەی حەشیمەتی چینی گیانی خۆیان فیدا بکەن، بەڵام بە بوونی ئەم کردەوانە، کاتێک کەسێک دەکوژرێت، نابێت کەس لێپرسینەوەمان لێ بکات.

ماو شۆرشی کلتوری خۆی لە ساڵی (1965) بەرێ خستەبوە تا کو (1976) یش درێژەی پێدابوو و مەبەستی ئەو تۆلە سەندنەوە لەو کەسانە بووە، کەدژبە پلان و بەرنامەکانی دەوەستانەوە. بەم جۆرەش دەیان ملیۆن خەڵکی دیکەش گیانی خۆیان لە دەستداوە.

هەروەها ماو بۆ خەڵکی وەڵاتـەکـەی، بریارێکی راگەیاندبوو، کە بە پێی ئەم بریارە دەبێ چوار شت بە گشتی لە ناو بچێت، ئەو چوارشتە بریتی بوون لە: ئەندێشە و بیروڕای کۆنە پەرەستانە، کلتوری کۆن و دواکەوتو، رەسم و نەریتی و خو رەوشتی کۆنە پەرەستانە.

لە پێناو ئەم دروشمانە، "پارێزەرانی سور" سەر بە بریاری ماو ، کتێبە کۆن و کەلوپەلی ئەنتیکە و زۆر بە نرخەکان و تەواوی مۆنۆمێنتە کانیان لە سەرتاسەری وڵاتی چین و سەرجەم پەرستگەی بوزییەکان لە تبت لە ناو بران و وێرانکران.

لە راستیدا گریمانەی ئەو هەیە کە زۆرتر لە (70) ملیۆن مرۆڤ لە وەڵاتی چینی نوێ" کە ماو و ئەڵبەتە رێبەرانی ئەوکاتی حزبی کۆمۆنیست، بە شانازییەوە وەک دەسکەوتێک گرنگی خۆیان رایانگەیاندبوو، گیانی خۆیان لە دەس دابێت.

کاتێک کە سەرۆک وەزیرانی ژاپۆن، کاکۆئیی لە ساڵی (1947) لە سەفرێکدا چووبوو بۆ چین، پاش رێزلێنان و دانواندنی سەری کرنۆش بۆ رێبەری چین بە هۆی گرفت و کیشە گەلێک کە لایەنی سوپای ژاپۆن هێرش کرابوویە سەریان و هۆکاری ئەوەبوو کە داوای لێبوردنیان لێ بکات، کە لە وەڵامدانەوە ماو وەڵامێکی هەمیشەیی خۆی بەم جۆرە دایەوە: پیویستی بە لێبوردن نییە، ئێمە زۆرمەمنونی ئێوەین چونکە ئەگەر هێرشی ئێوە بۆ چین نەبووە، ئێمە هیچ کات نەماندەتوانی سەرکەوتن بە دەست بهێنیین.

بەڵام سەبارەت بە " چینی نـوێ" بەو هەموو بینا بەرزانەو، شەقامەو مۆدێرنانەیەوەو سەرمایە و دەسکەوتە زۆر زەبەندەکانیەوە دەتوانین چی بڵێین؟ لە راستیدا لەوێ ئەو جۆرە کە زۆر مۆدێرن و درەوشاوەش بیت، لە واقعەییەتدا بە و جۆرە نییە، داهاتی هەرکەسێک لە شاری شەنگەهای، واتە بووکی شارەکانی چین ئیستا، 3000 دۆلارە. واتە بەشێکی بچوک لە داهاتی خەلکی تایوان و هۆنگ کۆنگ.

پەنجا سـاڵ دەســەڵات و حکومەتی دیکتاتۆری، کۆمۆنیستی لە یەکێک لە پێشکەوتورین شارەکانی ئاسیایە، کە لە خۆی بەجێ ماوەتەوە، بە واتایەکی دیکە ئەمە زۆرترین گرۆیدایە، لە پێناوی ئەسپێکی دۆراودا

دەسەڵاتدارانی کۆمۆنیستی لە چین دەبێ بەرپرس بن بەرامبەر بە رابردوی خۆیان واز لە بیرکردنەوەی ماو و ئەو میراتەی بۆی بە جێهێشتوون بهێنن.

ئەم وڵاتە پێویستی بە یاسایەکی بنەرەتی نوێیە، بە جۆرێک کە لەم یاسایەدا دەبێ دیموکراسی راستەقینە بگونجێتو رێز لە دیموکراسی راستەقینەش بگیردرێت.

هاووڵاتیانی چینی دەمێ ساڵە کە بۆ بەدیهاتنی وەها کردەوەیەک چاوەروانی دەکەن، تەنانەت ئامادەبوونی خۆشیان لەم بابەتەوە زۆر جار دەربریوە.

پتەوکردنی دروشمی کۆمۆنیستی دروین لە حاڵێکدا کە سەرمایە داری و ئیمپریالیسم لە حالی گەشە سەندنایە، و پێداگری لەسەرئەوەی کە ماو بەتەواوی هەڵەکانیەوە، (70) لە سەدی کردەوەکانی دروست و بە باشی بە ئەنجام گەیشتووە، رەوتی ئەخلاقییەکەی لە بەرچاودایە، کە هەنووکە چین لەم دیاردەیە ئازار دەچێژن.

ئەم وتەیە بەو مانایەیە کە لە ئەڵمانیا لە کاتێکدا نازییەکان لە سەردەسەڵات بوون و رێبەری ئێستاکەی ئەوان، بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە هیتلەر (30) لە سەدی کردەوەکانی بە هەڵە بە ئەنجام گەیاندوە.

چین شایانی ئەوەیە کە بارودۆخی لەوەی کە هەیە باشتر ببێت و پێویستی بە بارودۆخێکی باشترە، تاکو بتوانێت بۆجارێکی دیکە سەرکەوتن بۆخۆی مسۆگەر بکات.

http://www.iran-emrooz.net/
/index.php/world/print/3054